# نامەیەک بۆ تۆی نیشتمان

**ڕووناک شوانی**
ستۆکهۆڵم
2006/10/10



بەر لەوەی خەمی تاریکی بەرۆکی بێچراکان بگرێ و مەردم بخزێنە کونجی ئەو ئاسوودەییەی ساڵانێکی دوورودرێژە لە هێلانەیان تەوەلایە ، هێشتا منداڵانی بێنازی جگەرە فرۆش و بۆیاغچییەکانی سەر شۆستەی جادەکان ، فریای کۆکردنەوەی سنووقە تۆزاوییەکانیان نەکەوتوون ، جەرگی شارم ئێستاش هەر خوێنی لێئەچۆڕێ ، نە زامی جوانەمەرگەکانی شاخم ساڕێژ بوونە ، نە ئێسک و پروسکی خزمەیلی ئەنفالکراوم هێنراونەتەوە ، تا لە باوەشی دایە گەورەی نیشتماندا ماندوویی هەرگیز نەحەساوەیان دەرچێ . لەم ناوەختەدا باوانم ، ئەم بێئۆقرەییە چییە گڕی لە هەناوت بەرداوە ؟؟ ڕێگەی ئاسوودەییت ون کرد و وەک ئاشقێکی وەیلان ، ڕێگەی دەرەوەی شارت گرتە بەر، ڕووت لە کوێ کرد ؟؟ شەیدای گوڵاڵە سوورەی کام پێدەشت بووی؟؟ یان تاسەی باوەشی گەرمی دایکەی خێرنەدیوت کردبوو ؟؟ کام مەنزڵت کرد بەهەوار بۆ سوکنایی دڵەی ماندووت ؟؟ نا هەقت ناگرم کەسەکەم ، ئاخر خەونەکانت هەموو ئاوەژوو کرانەوە ، لە جیاتی نان ، فرمێسک و خەم بوون بە تریت بۆ برسییەکانی شاری خامۆش و لە تاریکی نوقم بوومدا . ئومێدەکانت بە پێخاوسی وێڵ کران ، حەرفەکانی دەفتەری یادەکانت وورد وخاش بوون ، هەڵوەرین ، زووخاوی ڕۆژگار و ناسۆری ئەمرۆ، ئەنفالیان کرد .

لە ترۆپکی بێزاریما پەنام بردە پەی ئەرشیفی نامەکانت ، پەڕەیەکم هەڵدایەوە ، گوڵی دڵۆپەی فرمێسکم لەسەر دێڕەکان ووشک ... ووشک هەڵگەڕابوو . لە داستانی هەڵمەتێکی ناو شارە بێنازەکەی لە نیشتمان دابڕاوم ، شان بە شانی هاوسەنگەرەکانت ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە، ڕۆژگارێ بوو خاک لە هەموو شتێ بەنرختر و ئازادی واتای خۆی هەبوو ، بەو ژمارە کەمەوە ، دیرۆکی پڕ لە سەروەریتان بە بڕواوە تۆمار ئەکرد ، دوژمنتان هەراسان کردبوو، ئەنفالچییەکانی دوێنێ وکۆشک نشینەکانی ئەمرۆ، کونە مشکیان لێبووبوو بە سەرا . بریندار بووی ، جەستەی لاواز وشەکەتت بەشوین خۆتا ڕاکێشا تاگەیشتیتە ماڵێکی قەراخ شار ، لەوێ تیمارکرای . وەلێ باوەڕت بە ئازادی وعەشقی نوورەکەی باوەگوڕگوڕ هەتوانی برینە قوڵەکانت بوو. زامەکانت میدالیای شانازی بوون بە سینەتەوە . کەچی ئەمرۆ پەلەقاژەی ناو ئەم زەریای بێهودەییە تووشی ئەم دڵە ڕاوکێیەی کردووی ، ڕوح و گیانی هەموومانی ماندوو کردووە . من ئەزانم ، هەمووشوێنێ هەر زیندانە ، زۆر زیندانی بچووک بچووک لە ناو سکی ئەم زیندانە گەورەیەدا خۆی حەشارداوە . کلیل بە دەست ، گزگلێکی سەروسمێڵ بۆیە کراوی پیاوی دیوەخانە ، خاوەن ئیمتیاز نۆکەری دەربارە یاخود ، مەدداحی باڵای ئاغایە . کەی وەک تۆ خەمی کەنیشکگەلی هەڕاج کراوی گەرمیانیەتی ، یان کەی جامانەی لالۆکانمی کردووە بەئاڵا و وولاتانی پێ ئەگێڕێ هەر بۆ ئەوەی کەرامەتی خاک و مێژووی نەتەوەکەم بگێڕێتەوە ، ئەو تەنها و تەنها لە خەمی گیرفانی قوڵی خۆیەتی ، تۆش ئەی حەمکە خەمەت لە دۆش گرتووە ، بۆ هەر شوێنێ ئەچی هەر ها بەکۆڵتەوە .

گەلێک ئەترسم ئەم سەرگەردانییە نۆتەکانی ئەی ڕەقیب تێکەڵ بەیەک بکا، بیانشێوێنێ و بەستەی ئازادی لە گەروومان بخنکێنێ . ئەم دەمامکە ڕەنگا و ڕەنگانەی دەوریان داوین ، بێگانەن ، نە لە

سۆزی هۆرە تیئەگەن نە  لەحیکمەتی لانکە و دەسترازە گەیشتوون ، لایلایەی ئایەیان  نەژنەوتووە ، بە خشە خشەی حەتۆتکە وگوڵشەن نەنووستوون ، بۆن و بەرامی سمڵ و مێخەکەکەی نەنەیان نەکردووە .
خەمساردی خۆیشمان لەولا بوەستێ ، ئەی ئەوە نییە وەسیەتەکەی میمی زولەیخاش لە بیر کرا !! ئەی ئەو نەیووت گەر ئازاد بووین ئاڵایەکی بەرز لەسەر گۆڕەکەم لە شێخ محیەددین هەڵکەن ؟؟کێ ێ ێ لە بیریەتی ؟؟ بەڵی ئێمە مێژوویەکمان فەرامۆش کرد بە کۆستەکانیشەوە . بۆیە هەر درویێنەی خەم ئەکەین . عەزیزەکەم ... بگەڕیوە ...ئەمانەتی عەشقێکی نەزۆکم پێ ڕاسپاردوی . شەو یەڵدایە و خەوم نایە ، دیەم هەر ها بە ڕێگەوە  ... بگەڕێوە ماڵی دڵەی پڕ لە حەسرەتم ، با وەل مەلوچکەکان سروودی بوون وئەوین بۆ باخچە بچڕین .... ئەو مناڵە برسیانە لەسەر جادەکان کۆکەینەوە وبۆ ماڵی باوەیان بەینەوە ، با چیتر فرمێسکی حەسرەت بۆ یارییەک ڕوومەتی ناسکیان شەقار شەقار نەکا ... ئەو ڕۆژگارە دروست بکەین کە خەون تیایدا بێترس بژی . بگەڕێوە  ...  چاوەڕوانم تۆ بێیتەوە ... زۆردەمێکە چاوەڕوانم...